عەبدوڵڵا پەشێو شاعیری نوێخوازو پێشڕەوی نەتەوەیی

محەممەد خدر مولود

پەشێو لەچاو شاعیرانی هاوتەمەن و هاوکوفی خۆی لەنێو دەنگی شاعیران شێرکۆ بێکەس، جەمال شارباژێری، سەعدوڵڵا پەرۆش، دواتریش سامی شۆرش و لەتیف هەڵمەت و.. تد لەکۆتاییەکانی شێستەکان (١٩٦٧-١٩٦٨- ١٩٦٩)و دواتر لە ١٩٧٠-١٩٧٤، دەنگی داهێنەرانەی شیعری نەتەوەیی کوردیمانە.

هەر ئەو دەنگە شیعرییە رەسەنە ئەفرێنەرە، وەك پێشڕەوێکی بیری نەتەوەیی درێژەی بەداهێنانە شیعرییەکەداو دوابەرهەمی (بەرەو زەردەپەر) (شیعر- سوید ٢٠٠١)ی لێکەوتۆتەوە.. لەم مێژووە تەمەن (٣٥ ساڵییەدا) واتە لە (١٩٦٧-٢٠٠٢)دا، عەبدوڵڵا پەشێو لەسەر رێبازو هزری نەتەوەیی خۆی مایەوە، شاعیرانی دیکە (وەك دواتر لێی دەدوێین) رێبازو رێچکەی حزبیو حزبایەتییان پەیڕەو کردو بەشێکی زۆری خوێنەری خۆیان لەدەست دا. ئەی دەبێ پەشێو چی دەست کەوتبێ؟ چ جۆرە خوێنەرێکی لەدەست دابێو کێی دیکەی لەخوێنەران گیرۆدەو عەودالی شیعرەکانی خۆی کردبێ؟

وەڵامی ئەم پرسیارانەش بابەتێکی سەربەخۆی دەوێت.. ئەوەی لێرە مەبەستی ئەم نووسینەمانە بەدوا داچوونی نووسینێکی (نزار ئاگری)یە کە لەژمارە (٣٠٧)ی رۆژنامەی (المؤتمر ALMutamar)و بەزمانی عەرەبی لەلاپەڕەی (فصول النقد) لەژێر ناونیشانی (في الخلطة الایدیولوجیة.. هل یصبح الشعر شتیمة؟) بڵاوی کردۆتەوە.. دواتریش بەرسڤ دانەوەی پرسیارەکانی بەڕێز (نزار ئاگری)یە.. بە بەڵگە شیعرەکانی پەشێوو خوێندنەوەی نامیلکەی (براکوژی).

بیری نەتەوەیی پەشێو لەقوتابخانە شیعرییەکەی ئەحمەدی خانی رابەری هزری نەتەوەیی سەرچاوەی گرتووە.. ئەو وەکو حاجی قادری کۆیی بەجیای سەردەم و شێوازی نووسینی شیعریان قوتابی ئەو قوتابخانە شیعرییەی خانی مەزنن.

لەنێو گەرمە گەرمی ململانێی شیعری ساڵانی (١٩٧٠-١٩٧٤)و سەرهەڵدانی گروپ و دەستەو تاقمەی شیعری هۆکارێك لەهۆکارە سەرکەوتووەکانی پەشێو پرۆسەکردنی شیعربوو بەهزری نەتەوەیی رەسەنی شۆڕشێگڕ. ئەوی شاعیر گرەوەکەی بردەوە بەدەقە شیعرییە شۆڕشگێڕەکانی (١٢ وانە بۆ منداڵان)و دواتر (ئەگەر ئەمجارە. بێمەوە)و (سەربازی ون).. تدو دەرگا فراوانەکەی بۆ خرایە سەر پشت و هاتە نێو ئەو مێژووە ئەدەبییە شۆڕشگێڕە نەتەوەیی‌یە.

پەشێو وەك شاعیرانی دیکە نەچووە نێو فابریقەی حزبایەتیو حزبایەتی بۆ خۆی نەکردە ناونیشانە زل و زەبەلاحەکانی نێو رۆژنامەو کارگەی شەڕی نەگریسی ناوخۆ، بێ دەنگیش نەبوو.. بەپەیڤی داهێنەرانە بەرەنگاری شەڕخوازان و ئاسەوارە شومەکانی شەڕی براکوژی بووەوە، لەبەر ئەو هەڵوێستە نەتەوەییەی کە هەیبوو خوێنەرانی شیعرەکانی کە سەر بە لایەنی تێوەگلاوی شەڕی براکوژی بوون زیاتر گیرۆدەو عەودالی شیعرەکانی بوون.. بەڵگەی زیندووش ئامادەبوانی کۆڕە شیعرییەکانی مانگی حوزەیرانی ١٩٩٤، کۆڕەکانی هەولێرو مەسیف و شەقلاوەو.. تد. لەکاتێکدا بەڕێز (نزار ئاگری) لەو حەقیقەتانە ئاگادار نییە، ئەوی بەڕێز تەنیا یەك لایەنە خوێندنەوەی بۆ (براکوژی) کردووە.. ناکرێت لەگەڵ شێرکۆ بێکەس دا باسی بکات یا بەراوردی بکات!! لەم هەڵوێستەدا پەشێوو شێرکۆ زۆر لێك جیان.. شێرکۆ وەك شاعیرێکی حزبی سەر بەلایەنێك هەمیشە بەشیعر بەرگری لەشەڕەکانی حزبەکەی خۆی کردووە.. هەمیشە پێشمەرگەی حزبەکەی خۆی بەشیعر با (داهێنەرانەش) بووبێن هانداوە شەڕ بکەن و هەڵمەت بەرن!! هەڵمەت بردنیش بۆ سەر براکانیان جاسەر بەهەر لایەنێك بووبن.

بەواتایەکی دیکە شێرکۆ بێکەس بەشیعر ئاگری شەڕی جۆشداوە.. بەشیعر خەرمانەو دەغڵ و دانی هەژارانی کوردستانی سووتاندوە.. گەر لای شێرکۆ پاکانەیەك هەبێ، لای پەشێو ئەو پاکانەیە بۆ ئەم جۆرە شەڕانە بەهیچ جۆرێ نییە، ئەوەتانێ خۆی دەڵێ (هیچ شتێ لای من پاکانە بۆ براکوژی ناکا، گەمارترین شەڕ، نامەردانەترین شەڕ، بێ شەرەفانەترین شەڕ، شەڕی براکوژی‌یە.. ل٣. براکوژی).

جیاوازی بیروبۆچوونی شێرکۆو پەشێو لەحاڵەتێکی دیکە



دەخوێنینەوە.. شیعری (دووڕیانی) شێرکۆو (ماچ)ی پەشێو، دوو دونیاو دوو بینینی جیان، شێرکۆ لەگەڵ مفاوەزاتی (١٩٨٣-١٩٨٤)ە، کەچی پەشێو لەشیعری (ماچ)و (ئۆتۆنۆمی) نەفرەت لەتەوقەکردن دەکات.. بۆ نموونە شێرکۆ کە لەشیعری (دووڕیان)دا لە ١٩٨٤ ئامادەیە تەوقە لەگەڵ رژێم بکات و پەشێو بەشیعری (ئۆتۆنۆمی) وەڵامی شێرکۆو مفاوەزاتی ١٩٨٣-١٩٨٤ دەداتەوەو لەدوا کۆپلەیدا و دوای وەسفی مفاوەزاتەکە دەڵێ:

تا نەیکوشتوون،
وەرن، چنگی بە خوێن سووری
پێ هەڵبڕین
بەشەق رووی پێ لەدیوار کەین،
تفەنگی خۆکوژ فڕێ دەین،
تفەنگی ئازادی سوارکەین.
زرمە لە جەرگییەوە بێنین..
لەبازرەقەی خوێنی ئەودا
یەکەم تیشکی رۆژ هەڵسێنین!

وەك بەمێژووی نووسینی شیعرەکانەوە دیارە، ئەوسا ١٩٨٤ شێرکۆ لەکوردستان بوو لەنزیکی سەرکردایەتی حزبەکەی خۆی بوو، پەشێویش لەمۆسکۆی پایتەختی ئەوسای سۆڤیەت..

ئەمانەو چەند جیاوازییەکی دیکەش دەبنە هۆکاری جیابوونەوەی جیهانبینی پەشێو لەشێرکۆ.. بۆیە دەبوایە بەڕێز (نزار ئاگری) لەناو هێنانی هەردووکیان ئەو لایەنە وردو گرنگانە رەچاو بکات، پەشێو وەك شاعیرێکی نەتەوەییو شێرکۆ وەك شاعیرێکی حزبی حیساب بکات. خوێنەری وریاو رەخنەگری وردبین لەدەقی شیعرەکاندا هەڵوێستەکان لێك جیادەکاتەوە، شەڕخوازانی مەیدانەکانی شەڕی ناوخۆ دەناسێتەوەو لەلێك هاوێرد کردنی هەڵوێستەکانیش ئامانج و مەبەستە حزبیەکان و نەتەوەییەکان بەئاسانی دەناسێتەوە.

بەختی پەشێو یارنەبوو، لەکاتی سەردانەکەیدا لەحوزەیرانی ١٩٩٤ بۆ وڵات، گەرمەی گەرمی شەڕی براکوژی بوو، بۆیە بەنامیلکەی (براکوژی) هاتە وەڵام.. ئەو وەڵامە هەڵوێستی کوردانەی پەشێوە دژی ئەوانەی دەیانگوت کە (هەولێر کێی پیرۆزە تا شەڕی تێدا نەکرێ) کەچی لای پەشێویش هەولێر ئەو شارەیە وەك خۆی دەڵێ: (زۆر لەو شیعرانەی بەر دەستت لەشەکرە شاری هەولێر نووسراون.. ل٣ براکوژی)..

ئەوەیان هەڵوێست و ئایندەبینی پەشێوە بۆ دۆزی رەوای نەتەوەکەی، خۆشەویستی‌یەتی بۆ نەتەوەیەکی پارچە پارچە بووی دوور لەخواستی خۆی. بۆیە باشوور (هەولێر) کە باشوور- نۆبەرەی مێژووە پیرەداری سنەوبەرە. جا کە هەولێر ناسنامەی باشوورو تەواوی کوردستان بێت.. پایتەخت و شەکرە شارەکەی پەشێو بێت بۆ لێی بەجەواب نەیێت.. کە دێتە گۆش.. جنێو بەناشیرینترین و دزێوترین دیاردەی ناوخۆیمان دەدات.. هەڵبەتە جوێن دانەکەش لەخۆشەویستی شاعیرەوەیە بۆ دۆزە پیرۆزەکە.. بۆ کوردو کوردستانەکەی.. جوێن دان لێرەدا هەڵوێستە.. رەتکردنەوەی دیاردە ناکوردانەکەی شەڕە.. تووڕدانی (کاتژمێری سی ساڵەی قورمیش کراوی) شەڕەنگێزی شەڕەنگێزانە:

ئەوەی دەیبینین چما تازەیە؟
کاتژمێریکە-
سی ساڵی خشتە قورمیش کراوە.
بێ کەڵکە سەد جار پێش و پاش خرێ
چرکە چرکەکەی شیفرەی مردنە
لەعنەت ژمێرە
ناوەستێ، مەگەر وردو خاش کرێ!

پەشێو بەم شێوەیە داوا دەکات لەعنەت ژمێری شەڕەنگێزانی ناوخۆ وردوخاش بکرێت.. کە لەداواکردنیش دا جوێننامە بنێرێ.. لەعنەت و نەفرەتیان لێ بکات وەك (مظفر نواب)ی شاعیری عەرەب بێ ئەدەبی نەکردوە.. بەڵکو بەئەدەبەوە بەرامبەر شەڕکەران دەدوێ..

پەشێو وەك شاعیرێکی هەستیاری وریا دەزانێ شیعر بەهانای ئەو رۆژە تەنگانە نایەت.. بۆیە دەڵێ:

ئیمرۆ رۆژی شیعر نییە
بۆیە، من بۆتان دێمە گۆ
بەزمانێکی یەکجار سادە،
پێتان دەڵێم:
ئەوەی کورد بێو کورد بکوژێ
زۆڵە، تەرەسە، گەوادە!

بەڕێز (نزار ئاگری) کە لەدوا برگەی بابەتەکەی نووسیوویەتی (غرائز عصبیات و شتائم و لعنات، تلك هي عدة الكتابة هنا. فأين الشعر والفن في هذه المعة؟). بۆ وەڵامەکەی هەر ئەم قسەی پەشێو خۆی بەنموونە دێنمەوە:

کوردستانی ئەنفال کراوم ئەنفال دەکرێتەوە
مێژوو! بنووسە: من بێ دەنگ نەبووم
شیعر! ببوورە، تۆم زۆر شەکەت کرد.
پەخشان! زۆر سوپاس، بەهانام هاتی!

لەم چەند پەیڤەی دواییدا، پێشڕەوی‌و نوێخوازی هزرو دیدو بۆچوونی پەشێوە بۆ شیعرو رووداوەکان دەخوێنینەوە.. ئەم خوێندنەوەیەش بۆ بابەتێکی دیکە لێدەگەڕێین. لەگەڵ رێزی بێ پایانم بۆ کاک (نزار ئاگری).

سەرنج

* هەروەك سەرنج و هیچی ترنا، پێم باش بوو بەڕێز (نزار ئاگری) لەدیوانی (بروسکە چاندن) یا (بەرەو زەردەپەڕ)ی پەشێو بدوێ، نەك کۆنە برینان بکولێنێتەوە. کە برینیش دەکولێنەوە، سوێمان دەبێتەوەو ناچار دەکرێین چاوپۆشی لە (هەندێ لەراستی‌یەکان) نەکەین..

گەر هەمووشیان نەبێ.. دەنا ئێمە رۆژانی شەڕی براکوژیمان لەمێژە نەفەرتکردووەو کای کۆن بەبا ناکەینەوە.



مەیلێکی درەنگوەخت

کەریم دەشتی

ئەوین پێویستی بە تازەبوونەوە هەیە
ئەو دەنگە هی هەناری بوو
بەدیار شەونمەوە شەقی برد
هی تەواریێ بوو لەسەر فەرشی بەفرێکا
پەروپۆ دەبوو
تۆ تەوتەمێکی لەشوشە ناتوانم بتکوشمە باوەش
دەترسم وردوخاش ببیت
خەونێکی لەنادیاری ناتوانم تەفسیرت بکەم
دەترسم ئاشکرا ببیت
چۆن چەپکەنەت کەم ئەی با بای ئەزەل و جاویدانی؟
تاوێ لەگەڵ خۆتم هەلگرەو پەرش و بلاوی دونیام بکە
وەك چۆن گوڵ گوڵ بۆنی نەرگزەکان هەڵدەگریت و
بەسەر دونیای دەبەشیەوە
وەك چۆن چیا چیا سیمای درەختەکان لەناودڵتا دەشۆیتەوەو
دەیبەخشی بەدارستانان
وەك چۆن نهێنی عاشقەکانی بەرباران جانتا جانتا هەڵدەگریت و
دەیکەی بەکتێبی گۆرانی
تاوێك هەڵمگرە ئەی با بای ئەزەل و جاویدانی
تۆی بە تەنها تۆی کەبتوانی رزگارمکەیت
لەم وەرەسیەی تاڵیشکەو بەرۆحم وەنوساوە
هەر تۆی تەنها کەبتوانی حەشارمدەی
لەم قەدەرەی تیایا وەك نەورەسی بەربەیان ئاسێ بوویمە
هەزاران ساڵە وەستاوم
دەمەوێ تا ئەبەد دۆستی تۆبم
تۆزێ لەسورانەوەی ئەبەدیم بەدەوری قەلا رزگار کەیت
کە خەریکە ژمارەی خشتی تەك تەك تەلارە رماوەکانی ئەزبەر بکەم
قەلا من لەتۆ وەرەس نیم من کەڤنارترین عاشقی تۆم
بەلام ئەوین پێویستی بەتازە بوونەوە هەیە
قسەکردن لەگەل با تۆزێ ئەفسانەی پێدەوێ
بەیەکەوە ژیان نەفەسێکی تری داوایە
ماسی پێویستی بەئاو گۆڕین هەیە
مرۆڤیش تادەمرێ مەیلی هەوا گۆڕی دەکا
ئەمانە قسەی پیرێ بوون لەنوور
قسەی تاوێ باران بوو بەرلەوەی بگاتە زەوی
ئەی با بمبە بۆ لای جوانییەکان
ئەو جوانییانەی دیدالۆس لەتاوان
دووباڵی بۆ خۆی داهێناو لەناو خۆردا توایەوە
بمبە بۆلای ئەو کەنارانەی پڕن لەمەل
پڕن لەگەوهەری مانەوە
من قسەم لەگەل بەهێ کردوە مۆڵەت لەدرەخت وەرگرێ
قسەم داوە بەرووبار شەپۆلەکانیم پێ بەخشێ
بەقەتێکانم گووتوە تەگبیرم لەگەل پۆڕەکان کردووە
بەلایاندا تێپەرم
ئەی با رێگاکانم دوورن دوور
دەچنەوە ناو گەرەکەکانی مێژوو
هەندێکیشیان لەئایندەن
بگەڕێوە تاوێ هەڵمگرە ئەی با

بەهەشتی زیندان..!!

شارستان..!



شێرزاد هەینی، لەسوێدەوە دەینوسێت

کە منداڵبووم، دەیانووت، فلان چووتە شاری و ژنێکی (شارستانی) هێناوە، واتە ژنەکەی لەشار دەژیت، کورت لەبەردەکات، قژی دەبڕیت و ....

کەم و زۆر چووتە مەکتەب و خوێندەواری هەیە، شارەزایە لەدروستکردنی خواردنی نوێ، مکیاژدەکات و خۆی دەڕازێنێتەوە، ئەوەی ئەو دەیزانێ لەلای ئەوانی تر تازەبوو..

ئەوەی کەمێ بژێوی ژیانی باشتربوایە، پارەی هاتبایە دەستی، بۆ خانووەکەی هەیوانی بەرین و رووناکی لەپێشدا قیتدەکردەوە، دەیانووت خانووێکی (شارستانی) کردووە. بەخانووی شاری تازەو رووناکیان دەووت، شارستان..!!

شارستانیو شارستانیەت و مەدەنیەتی ئیمرۆ لەلای ئێمە کۆنەو لەمێژە ناوی هاتووەو ناسراوە.. بەڵام شارستانی ئیمرۆ بەرگ و هەنگاوو بەرنامەی تری هەیە.. سەردەمی ئیمرۆ، بازاڕو سیاسەتی ئیمرۆ بەجۆرێکی تر یان زۆرتری لەشارستانی دەوێت. شارستانی زۆرترە، لە قژبڕین، لەخانووی بەهەیوان و گەڕان لەدوو سێ وڵاتی دوورو نزیك، شارستانی لەوانە زۆر زۆرترە..!!

لەکۆمەڵی شارستانا، منداڵ و مێردمنداڵی لەژێر تەمەنی شازدەو حەڤدە ساڵیدا کارناکەن، چەك هەڵناگرن و لەمەکتەب دەرناهێندرێن...

لەکۆمەڵی مەدەنی ئیمڕۆدا نەخوێندەواری باوی نەماوەو...

لەوڵاتی شارستانا، مووچەی سەرۆك و سکرتێری حزب دیارەو رۆژنامەگەری ئازادو قەڵەمی ئاسایی سۆراخیان دەکات. لەو رۆژانەدا سەرۆك وەزیرانی ئەم وڵاتە شارستانە، لەسوێدا بەفرۆکەی حکومەت بۆ باکووری دووری وڵاتەکەیان فڕیبوو، لەو سەفەرەدا بێجگە لەکارە رەسمیەکەی کاری حزبیشی کردبوو، لەسەر ئەوە چەند رۆژبوو، رۆژنامەو تەلەڤزیۆنەکانا باسیان دەکردو گلەییان هەبوو..!! پارەو کرێی فرۆکەکەیان بۆی دەخەملاند، زۆر زۆریان بۆ حیساب کردبوو..!!

لەوڵاتی شارستانا، هەموو ژنی ئاوس زوو دەتوانێ بزانێ کوڕی لەسکە یان کچ.!! بەڵام کەم و بەدەگمەن دەپرسن، کوڕی دەبێت یان کچ..!! کەس بیر لەوە ناکاتەوە.. کەس ئەو دوو رەگەزە بەچاوی ترو پیرۆزتر سەیر ناکەن..!!

شارستانیو مەدەنیەت هەنگاوی زۆری دەوێت، کاری بوێرانەو زانستیانەی دەوێت.. مەدەنیەت و کۆمەڵی شارستان فرەرەنگەو چوارچیوەو گۆشەی زۆرە، لەکۆمەڵی مەدەنی ئاژەڵی کێویو ماڵیو درەخت و دارستان وەك خۆیان خزمەتی دەکەن، لەو رۆژانەدا دوو سێ گورگ لەو هەزارەها دارستانە چڕانەی ئەم وڵاتە بریندارکرابوون، گەورەترین کێشەبوو، هاواریان لێهەستابوو، چونکە لەو چەند مانگەدا ژمارەی گورگەکان کەمبۆتەوە، ژمارەیان بەهەزار بەرنامەوە چاودێری کراوە بە هەشتا گورگ، چۆن دەبێ کەمبێتەوە..!!

رۆژێکیان کابرایەك ویستی وشەی سێوی کێوی، یان راستر بڵێم وشەی کێوی بۆ راڤە بکات، دەیویست فێرم بکات، منیش لەسەرخۆ وتم رەنگە مانای وەحشی بگەیێنێ، وەك ئاژەڵی وەحشی، ئەگەرچی ئەوان کەم رەخنەدەگرن و دێنە وەڵام، بەڵام لەوە زوو هاتە وەڵام وتی: نا!! ئاژەڵ وەحشی نییە..!!؟؟ ئێمە حەیوان بەوەحشی نازانین، ئەوە جاران بووە.. هەموو شتەکان گۆڕاوە..!!

میللەتی شارستان، شاری شارستان، خێزانی شارستان، خوێندنی شارستان، بازاڕو کڕین و فرۆشتنی شارستان، دڵداریو مارەییو جودابوونەوەی شارستان، دینداری شارستان، وڵاتپەرستیو ئینتیمای شارستان، سیاسەت و سیاسەتکردنی مەدەنیو شارستان بێدەنگ و بەهێمنیو لەسەرخۆ دێتە ئاراوەو لەدایك دەبێت، چرۆو گوڵ دەکات و بۆن و بەرامەکەی پەخش دەبێت، هەمووش بەیەکەوە بەنازەوە لەتەنیشتی گوزەر دەکەن، شانازی پێوەدەکەن، دەستەکان هزرەکان، لەهەموو بوارو شوێندا کاری بەبەرنامەی بۆ دەسازێنن.. نەك بەنووسین و باسکردن و بەس..!!!!

heinisherzad@hotmail.com

لە بەرلین کەرنەڤاڵی شانۆگەری کوردی ئەنجام

پێشڕەوی سەید برایمی
بەرلین - ئەڵمانیا

رێکخراوی زۆزك لە بەرلین لە چالاکی‌یەکی سەرنج راکێش دا، کەرنەڤاڵێکی شانۆگەری لە رۆژی یەکشەممەی رێکەوتی ٧/١٤ رێکخست، بەمەش دەست پێشخەریەکی هونەری وەدەست هێنا، بە تایبەتی کە ماوەیەکی زۆر بوو، چالاکی شانۆگەری لە بەرلین ئەنجام نەدرابوو. لەو کەرنەڤاڵەدا سێ شانۆنامە پێشکەش کرا، کە چوار تیپی هونەری بەشداریان تێدا کردبوو(تیپی نواندنی سلێمانی - لقی ئەوروپا، تیپی رەڤەند، کە پێکەوە شانۆگەری " دوا گۆرانی "یان پێشکەش کرد، تیپی هوری یا شانۆیا کوردی و تیپی هونەری تیرێژ).

بەکر رەشید واز لە شانۆ مەهێنە!

شانۆنامەی یەکەم بەناوی "دوا گۆرانی" لە نووسینی ئەنتۆن چیخۆف وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی کوردی رەئوف بێگەرد،و دەرهێنانی بەکر رەشید. نواندن لە لایەن هونەرمەندان "موەفەق هروری و بەکر رەشید" ئەنجام درا.

دوا گۆرانی ئازاری مرۆڤێکی هونەرمەند بەدەر دەخا، کە چەندین ساڵ هونەری نواندنی پێشکەش بە بینەران کردووە. دەبێ لەو ماوەیەدا پاڵەوانی بێوێنەی سەر شانۆ بووبێ، یان یەکێك بووە لە بەناوبانگەکانی. زۆر بە ختەوەر بووە، دوای هەر نمایشێك، کە بە چەپڵەو بەزمی ئاشقانی شانۆ، بە رێزەوە رێزیان لێگرتووەو بەر رەحمەتی خۆشحاڵی‌یان کەوتووە، کەچی کاتێ تەمەن لە دەریای هونەردا بەر کەناری دەکا، جگە لە یادگارەکان چیتری بۆ نامێنێتەوە، بۆیە هەست بە نامۆبوونێکی یەکجار زۆر دەکا، کە لە ئەنجام دا بۆ پشت گوێ خستن چاری نامێنێ و پەنا دەبا بۆ مەی. دەپرسێ، دوای ئەو هەموو ماندووبوون و هونەرە، بۆ دەبێ هەر بەتەنیا بمێنمەوە؟ بۆ هەر لە کاتی پێشکەشکردنی کارە هونەری‌یەکان خەڵك منیان لە بیرە، کەچی دوایی بە تەنیا و بە بەبێ گرنگی بەجێم دەهێڵن؟ چۆن خۆشەویستەکەم گوتی: ڤاسیلی واز لە نواندن بێنە تا شوت پێ بکەم؟

ڤاسیلی کاتێ سەرقاڵی خواردنەوەو هەڵڕشتنی یادگارەکانی دەبێ، لە پشتی پەردەوە، دەنگی هاوڕێیەکەی دەبیسترێ و هاواری ڤاسیلی دەکا و پێی دەڵێ" ڤاسیلی بەسە ئیتر واز لە شانۆ بهێنە". ئەم هاوارە، کە هاوارێکی رەزا قورسی نامۆیی‌یە، لەلایەن دەرهێنەرەوە بایەخێکی زۆری پێدراوە. بەکر رەشید خۆی دەزانێ ئەو هاوارە چ کاریگەریەکی لە رەوت و رەوشی هونەری ئەو کردووە وەك هونەرمەندێك، بۆیە دەقی " دوا گۆرانی " هەڵبژارد بۆ ئەوەی ئەویش " دوا کاری هونەری" پێشکەش بکا!

بە حەسرەت وئاهێکی زۆرەوە بەکر رەشید دەڵێ: منیش وەکو ڤاسلیم لێهاتووە زۆر جاران لە خۆم دەپرسم، یان لێم دەپرسن: شانۆ چی بۆ کردووی؟ بۆ هەر دەبێ عەودالی شانۆ بی، کەچی بە تایبەتی لەم ئاوارەیی‌یەدا هیچ سوودو بەرهەمێکی بۆت نەبووە؟ کێ دەڕوانێتە بەرهەمەکانت؟ چەندن ئەوانەی پەرۆشی هونەری شانۆن؟ بۆ کێ دەکەی؟ تۆ بڵێی هونەرمەند بەکر رەشید تووشی ناهومێدی بووبێ؟ لە کێ؟ تا چ رادەیەك لەسەر حەقە؟ خەڵك یان نامۆیی هۆکارە؟

ئەوانەی بەکر رەشیدیان دەناسی، هەستیان بەوە دەکرد، کە هەنگاوەکانی بۆ سەر شانۆ شل و خاوە. خەمی خۆی و ڤاسیلی پێکەوە لە کۆڵ گرتووەو بە هەورازی ئازاردا دەیان با. بە لامەوە زۆر سەیر بوو، دەتگوت " دوا گۆرانی" دوا کۆرپەی هونەری ئەوەو بە دوای دارە مەیتەکەیدا بە رەوتی قورس بەرەو ئارامگای دەبا.

هەورازی هونەر هەرچەند عاسێ بێ و بەکر رەشید هەرچەند باری قورس بێ، کە لە سەدا سەد دەزانم باری نامۆیی و ئاوارەیی وای لێکردووە، وای لێ بکا " دوا گۆرانی " پێشکەش بکا، بەڵام هەرگیز بڕوا ناکەم هونەری شانۆ، کە ئالوودەی ناو دەمارەکانی خوێنی بووە، دوای هەموو خەمەکان و ئازارەکانی " دوا شانۆ" مان پێشکەش بکا.

حەقیەتی و لەسەر حەقە، بەڵام ئەوەش هەر بە نازی هونەرمەند لێکی دەدەمەوە، خۆزگە ئێمەی بینەر ئەو نازەمان هەڵدەگرت، یان حسابێکمان بۆ دەکرد.

هاوارێك لە شاری ئەوینەوە

شانۆنامەی دووەم تیپی هوری پێشکەشی کرد بەناوی" قیرێنەك ژ باژێرێ ئەڤینێ" لە نووسین و دەرهێنانی عادل ئیسماعیل. لە نواندنی گولستان سوباری و عادل ئیسماعیل بوو.

" قیرێنەك ژ باژێرێ ئەڤینێ" هاواری کلتوری کوردە، کە جگە لە مرۆڤەکانی ئەویش دووچاری خنکاندن و خەفەکردن دایە. خەمگین ئەو مرۆڤە کوردەیە، کە نوێنەری کلتور و ئەدەب و هونەری کوردی دەکا، راونراوە، هەمیشە هاش و هۆشی ئۆتۆمبیلی پۆلیسی بەدواوەیە. لەم بارودۆخەدا تووشی خەمرۆێن دەبێ، کە نموونەی ژنی کوردی خۆراگرو خەباتگێڕە سەرباری هەموو ئاستەنگەکان، ژیان لە ژێر زەمینێکی پڕ مەترسی، لە ژیانێکی پڕ ترس و راونان خەباتی هونەری خۆیان دەکەن. رووداوەکانی ئەو شانۆنامەیە ئەوە نیشان دەدەن، کە نەك هەر مرۆڤی کورد دووچاری ئازارەکان هاتووە بە دەست دوژمنانەوە، بەڵکو هونەرو کلتورەکەشی بە هەمان شێوە. کاتێ بەرەنگاری هەموو مەترسی‌یەکان دەبنەوە، دەیانەوێ نۆبەرەی بەرهەمی شانۆیی پێشکەش بکەن، بەڵام دەنگێکی نامۆ، وەك فەرمانێك لەسەر شانۆوە دەبیسترێ:" هاواری لەدایکبوویێك لە شاری ئەوینەوە دەبیسترێ، ئەم هاوارە لە ناو ببەن" کەچی ئەوان ئەو نۆبەرەیە بۆ بینەران فرێ دەدەن، دەڵێن:" دەبێ بژی! بڕۆ کاتێ دەست بە ئاخافتن دەکەی، پێیان بڵێ شانۆکەمان و خەڵکەکانی دەژین. پێیان بڵێ ئێمە لە شاری ئەوینەوە لە دایك بووین".

نووسەر، کە لە هەمان کاتیشدا دەرهێنەرە پێی وایە، شانۆی کوردی هێشتا لەدایك نەبووە یان باشترە بڵێین نەکەوتۆتە قسە. لەوانەیە ئەو بۆچوونە تا رادەیەك بۆ کوردستانی رۆژئاوا راست بێ، بەڵام بۆ پارچەکانی دی، شاشی‌یەکی تێدایە.

لە رووی هونەرییەوە ماندوو

بۆ لا ١١